# له58 وه بۆ 140

## خوێندنەوەی ڕەهەندە سیاسیەکانی کێشەی کەرکوك و شارەکانی تر

**سمکۆ محەمەد**

ماده یاسایی ژماره (58) کەزیاتر لەدوو ساڵه وئێستا گۆڕاوه بۆ (140) کەتایبەته بەئاسایی کردنەوەی شاری کەرکوك, ئەگەر بەشێك بێت لەو پرسیاره یاساییەی گوایه هەوڵێکه بۆگەڕانەوەی شاری کەرکوك و شارۆچکەکانی تر کەلەدوای روخانی ریژمی بەعسەوه و لەسەردەمی ئیدارەی کاتی حکومەتی عێراق دەرچووه, نەك هەر لەنێو خەڵکی شارەکان و هاوڵاتی کوردستان, بەڵکو لەنێو مەحفەلی سیاسی لۆکاڵی عێراق و خودی کوردستانیانیش هێشتا وەڵامی پێنەدراوەتەوه وەکو مەسەلەیەکی چارەنوسساز کەپەیوەندی تایبەتی بەکورد و مێژووی کوردەوه هەیه, لەکاتێکدا ئەم ماده یاساییه بۆ کورد هیوایەکه بۆ ئیسنان گەلێك کەسەر بەترادیسیۆنی جیاوازن لەلایەك, بۆخەڵکی کەرکوکیش هیوایەکی تری هەرێمایەتی, ئەم ژماره یاساییانه ئەگەر لەسەنتەری پرسیارەکانیشدا رانەوستابێت, دەتوانێت وەڵامێکی سایکۆلۆژی بەخەڵك بداتەوه و سوکناییەك بەدڵی ئەو کەسانه ببەخشێت کەلانی کەم پەیوەندیەکی ماتماتێکی بەجوگرافیا و نەخشەیەك بداتەوه کەدیسان دەبێته مایەی دڵنەوایی خەڵکێك کەچاوەڕوانی بەرهەمی لانی کەم سەدەیەك لەخۆێنبەخشینه, پرسیارەکه ئەوەیه بۆچی وەها کێشەیەکی گەوره بەدوو ژماره یاسا لەماوەی سێ ساڵی رابردووی دوای روخانی ریژیمی بەعس چارەسەر دەکرێت؟ بۆچی ئامریکا گەرکیەتی بەیاسایەك کەبەنەفعی خۆی کۆتایی دێت چارەسەری دەکات و لێناگەڕێت خەڵکی شارەکان خۆیان بەپێی ئاماری سەرنوسین و ریفراندۆم چارەسەری بکەن؟ یان مەرامەکەی هەر ئەوەیه کەچۆن بەداگیرکاری حکومەتی رابردووی عێراقی روخاند و لێنەگەڕا هێزه سیاسیه نیشتیمانیەکان ریژیمی بەعس بڕوخێنن, سەرەنجام دیسان بەنەفعی بەرژەوەندیەکانی خۆی چارەسەری سەربازی کرد, پرسیارێکی تر ئەوەیه بۆچی خەڵکی ئەوناوچانه لەدڵەڕاوکێداو لەساڵەیەکی چاوەڕوانکراودا رایاندەگرێت؟ بۆچی ریفڕاندۆم کەوەهمێکی گەورەیه لەنێو کایەی سیاسەتدا دەوری خۆی یاری ناکات؟ ئەمانه هەموی لەشوێنێك راوەستێت, مەسەلەی ئەخلاقیاتی سیاسی لەلایەکی تر کەبێئومێدی بخولقێنێت و وەها کاردانەوەیەکی هەبێت کەخەڵك وەڕس بن لەوگەمه سیاسیانه کەلەئاست ئیرادەی ئەوان بەرزتره.

شاری فرەیی .. دورگەیەك بۆ بازرگانی

بەدرێژایی چەند ساڵی رابردوو بەردەوام موناقەشەی ئەوه دەکرێت و هەمیشه گوێبیستی ئەوەبووین کەچارەسەرکردنی کێشەی کورد لەکەرکوکەوه دەسپێدەکات, حەسم کردنی ئیشکاله سیاسیەکانیش  کەتایبەتمەندیەکه لەکێشەی فرەیی لەنەتەوه و مەزهەبەکان هەر لەکەرکوکەوه دەسپێدەکات, بەردەوام گوێبیستی ئەوەبووین دەبێت کەرکوك شارێك بێت بۆهەموان, ئەم دووفاقیه لەگوتاری سیاسی, لەلایەك بۆکورد رازی کردنی دڵی خەڵکی کوردستانه بەزمانێکی رۆمانسیانه کەمێژوویەك خوێنی بۆرێژراوه و بەشێك لەشکستی شۆڕەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیش گرێدراوی ئەو مەسەلەیەیه, لەلایەکی تر رازی کردنی دڵی نەتەوه و مەزهەبه جیاجیاکانی وەکو (شیعه و سوننه و کلدو ئاشوری و تورکمان و کورده) گوایه ئەم گوتاره, گوتارێکی گشتگیری عێراقیه بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کورد بەشداریەکی کاریگەری سیاسیانەی هەبووه لەدامەزراندنی حکومەتی نوێ و شانسی باشترین پۆستیش کەسەرەك کۆماره بەر کوردەکان کەوت, گوایه ئەم نەغمەیه رێگه لەئیشکالیاته سیاسیەکان دەگرێت کەدوورمان دەخاتەوه لەشەڕی تایەفەگەری و نەتەوەخوازی و مافی مەزهەب و نەتەوەکان دەستەبەر دەکات, ئەمه لەکاتێکدا پێکەوه ژیان لەشارەکانی تری کوردستان و عێراقیش هێشتا بەهەڵواسراوی ماتەوه و یەکلایی ناکرێتەوه, چونکه نەخودی ئەمریکا و نەحیزب و لایەنه سیاسیەکانیش نیازیان نیه لەڕیشەوه چارەسەری بکەن, بەقەد ئەوەی دەیانەوێ بیسەلمێنن یاریکەرێکی چالاکن لەوگەمه سیاسیه نێودەوڵەتیەی ئێستا لەئارادایه, لەهەمان کاتیشدا دەیانەوێ بیسەلمێنن کورد باشترین دۆستی ئامریکایه لەناوچەکه, هەڵبەت کەرکوك وەها گرێیەکی ئاڵۆزنیه کەسیاسیەکان و خودی ئەمریکا پەی پێنەبەن و بۆیان نەکرێتەوه, بەڵام راستیەکەی ئەوەیه بەلەبەر چاوگرتنی ئەو سەروەته نەوتیەی کەلەکەرکوك هەیه, کەلێنی ئابوری بۆ مەحفەلی سیاسی نێودەوڵەتیش پڕدەکاتەوه و درێژه بەتەمەنی داگیرکاریش دەدات و لەو قەیرانه ئابوریه رزگاریان دەکات, ئەمه ئەسڵی کێشەکەیه, ئەمەیه وەڵامی ئەسڵی ئەو پرسیارانەی کەزۆربەمانی غافڵ گیر کردووه و کێشەکەی بەهەڵواسراوی هێشتۆتەوه.

لەچاوەڕوانی ساڵی 2007 دا

دیسان بەباشی دەزانم لەوپرسیارەوە دەستپێبکەین, ئایا لەساڵی 2003 وەختێك ریژیمی بەعس روخا, کەرکوك بەناڕاستەوخۆ کەوتە ژێردەستی کورد بەگشتی و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەتایبەتی, تاچەند توانیوانە خەڵکی ناوچەکە و نەتەوەکان هۆشیار بکەنەوە لەمادەی 58 و دواتر گۆڕانی بۆمادەی 140 ؟ ئایا وەکو پێویست کار کراوە بۆئەوەی روحی لێبوردەیی لەنێوان نەتەوە و مەزهەبەکانی شاری کەرکوك گرێ سیاسیەکە دەکاتەوە کە مێژوویەکە پێکەوە ژیان دەکەن؟ ئەمانە هەمویان لەلایەك, ناولێنانی خەڵکی ناوچەکە بەئاوارە لەشوێنی خۆیان و نیشتەجێ کردنیان لەیاریگا و سەربازگەکانی ریژیمی کۆنی عێراق کەلەگاڵتەجاری بەولاوە هیچی تر نیە, چ مانایەکی هەیە, مەنتیقی ئەوە لەکوێدایە هاوڵاتیەك خەڵکی شارێك بێت, کەچی ئاوارەی هەمان شار بێت و مافی نیشتەجێبوونی نەبێت وەکو مرۆڤ, قەرەبۆی ئەوەیان نەکرێتەوە کەلەرابردوودا راگوێزراون لەسەر سیاسەت؟ رۆژنامەو میدیا کوردیەکانیش بەپێی دیزاینێك کەدەسەڵات مەبەستێتی, راپۆرت و کاری رۆژنامەگەری لەسەر بڵاو دەکەنەوە, لەکاتێکدا زمانی میدیاکان, ئەوەندەی زمانێك بووە بۆچاندنی قین لەنێو دڵی نەتەوەکاندا و شاردنەوەی ئەسڵی کێشەکە, ئەوەندە کار نەکراوە بۆئاشناکردنی خەڵك لەئاشکرا کردنی گەمەکان کەخەڵکی ساویلکە قەناعەت بەو مەنتیقە باوە نەکات, ئیتر بەهەموو لایەك وایان لەخەڵك گەیاندووە گوایە ئەوە عەرەب و تورکمانن رێگەیان لەوە گرتووە کەرکوك نەگەڕێتەوە سەر کوردستان, نەك سیاسەتی دەرەکی. هەڵبەت بەنیسبەت عەرەب و تورکمانەکانیش هەمان قەناعەت لەلایەن کیانە سیاسیە عەرەبی و تورکمانەکان جێکەوتە کراوە کەهەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران گەمەی تێدا دەکەن.

کێبەرکێیەك بۆگەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك و عەرەبە هاوردەکان بۆشوێنی خۆیان, هەمان ئەو کێبەرکێ سیاسیە ناتەندروستەبووە کەپێشتر ریژیمی بەعس بەسیاسەتێك بۆمەرامە گڵاوەکانی خۆی ئەنجامی دابوو, مەبەستم لەوەیە دەبوایە لەبری ئەوەی لەم کێبەرکێیەدا, کارێکی وەها نەکیرێت کاریگەری ئەوەی هەبێت شۆڤێنیەت بەرهەمبێنێت, بەو مانایەی عەرەبی هاوردە جودا بکرێتەوە لەعەرەبێك کەلەمێژە لەو شارەدا ژیان دەکات و چەندین پشتە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا ژیان دەکات, هەر بەو ئاراستەیەش مامەڵە لەتەك ئاوارەکاندا بکات بۆ گەڕانەوەیان کەهیچ نەتەوەیەك دوژمنی نەتەوەیەکی تر نیەو دەکرێ بەهەموو لایەك پەیمانێکی کۆمەڵایەتی ئیمزا بکەین, بەڵام دیارە ئەمە مەرامێکی سیاسیە و کەڵك لەناهۆشیاری خەڵك وەرگیراوە.

کەرکوك ... بازاڕی سیاسی

مادەی 140 گوایە هەوڵێکە بۆئاسایی کردنەوەی شاری کەرکوك, بەڵام لەڕاستیدا لەچاوی بازرگانە سیاسیەکان و خودی ئامریکا, هەوڵێکی یاساییە بۆتەرجەمە کردنی شارێکی تەنها ئابوری و پڕ لەداهات, بۆشارێك کەبەناچار لەکێبەرکێی ناعادیلانەی کولتوری و مێژوویی و ئیتنیکیدا ژیان بکات, هەوڵێکە بۆلەبیر بردنەوەی ئەو سەروەتەی کەلەخەیاڵدانی خەڵکی ناوچەکە هەیە, رۆژانێك بیریان لەوە دەکردەوە بەئازاد کردنی ئیتر نەسەرمایان دەبێت نەگەرما, بیریان لەوەدەکردەوە کەئیتر کورد دەبێتە خاوەن سەرمایەی خۆیی و نەتەوەیەکی دەوڵەمەند, خەویان بەوەوە دەبینی لەبری شەڕی نەتەوەکان کەدەسەڵاتدارەکانی رابردوو دروستیان کردبوو نامێنێ و بەئاشتی پێکەوە دەژین, بەڵام وەختێك کەلەبری دەستبردن بۆ ئیرادەیەکی سیاسی دروست لەرێگەی دەنگدانی خەڵکەوە, جارێك بەبیانوی ئەوەی گوایە دکتۆر جەعفەری و نوری مالکی کەمتەرخەمن لەئاسایی کردنەوەی شارەکە و یەخەیان پێدەگیرێت, جارێکی تر گوایە دوژمن کاری زۆر لەسەری کردووە, ئاسان نیە ئاسایی کردنەوەی ئەوشارانە و زەمەن و زەمینەی رەخساویان گەرەکە, بۆیە تەواوی ئەم خەونانە ناکام دەمێننەوە, لەبری ئەوەی سیاسیە کوردەکانی بەغدا, راستەوخۆ و بەبێ بێشەرم رووبەرووی حکومەتی نوێی عێراق ببنەوە و سنورێکی بۆدابنرێت, لەرێگای نوسەرە لۆکاڵیەکانەوە بەزمانێکی رۆمانسیانەی دوور لەسیاسەت رەخنە ئاراستەی شیعەو سوننە دەکەن و بەپێچەوانەشەوە عەرەبەکان بەهەمان شێوە کاردەکەن, لەبری ئەوەی بەشەفافیەت قسەمان لەتەکدا بکەن و گفتوگۆی پشت پەردەی کۆبوونەوە نهێنیەکانی نێوان خۆیان و ئەمریکا و سەرانی سیاسی عەرەب بدرکێنن, لەنێوخۆدا پێ لەسەر کوردستانی بوونی کەرکوك دادەگرن و لەئەسڵیشدا گۆڕینەوەی بەرژەوەندی ئابوریە بەکەڵك وەرگرتن لەسەروەتی نەوتی کەرکوك, هەربۆیە پیاهەڵدان بەسەر کەرکوکدا لەدروشمی (قودس و دڵەوە), تەرجەمە دەکرێتە سەر دروشمی کەرکوك (بۆهەموانە) مەبەستیش لەم دوفاقیە لەگوتاری سیاسی, پشکدارێتی هاوبەشی ئابوریە لەنێوان کیانە سیاسیەکان و خودی ئامریکا و هێزە نێودەوڵەتیەکان. هەروەك چۆن بەپێی پرۆتۆکۆڵێکی نهێنی لەپارێزگای بەسرە بەریتانیا لەگەڵ کیانە سیاسەکان کێشەی سوننەو شیعەیان وەلاوە ناوە و سەرقاڵی ئەو داهاتەن کەلەمینای ئوم قەسر رۆژانە ملیارەها دۆلار بەرهەمدێنێ جگە لەنەوت. رەنگە هەر ئەوەبەس بێت ئەو پرسیارە بکەین, بۆچی لەسەرەتایی هاتنی بەریتانیا و ئامریکا بۆسەر عێراق, بەریتانیەکان لەبەسرە مانەوە و دەستیان بەسەر مینای ئوم قەسردا گرت.

زیندوو کردنەوەی عەشیرەت و تایەفە و بنەماڵەگەرێتی لەوناوچانە و کەڵك لێوەرگرتنیان لەرووی ماتریالی بەشەری چەکدارەوە بۆبەرانگاری کردنی تیرۆریزم, زیندوو کردنەوەی ئەو سیاسەتەیە کەبەریتانیا بەر لەهەشتا ساڵی رابردوو لەکاتی جەنگی جهانی دووهەمدا, دەوڵەتی عێراقی داگیر کردووە و مامەڵەیەکی سایکۆ سیاسیانەی لەگەڵ عێراقیەکاندا کردووە و شارەزایەتیەکی مێژوویی لەبارەوە هەیە, ئەم گەمە ئاشکرایە, نهێنی ئەوەمان بۆدەردەخات کە نەئامریکا و نەبەریتانیا نیازیان نیە چارەسەری ریشەیی کێشەی کەرکوك بکەن, جگە لەچاوچنۆکی بۆسەروەت و سامانی ناوچەکە وەکو تاکە سەرچاوەیەکی بەهێز لەنەوت بۆ چارەسەر کردنی قەیرانێکی ئابوری کەلەدەرەنجامی جەنگەکان دووچاری بوون, ئەگینا ئەو

دەوڵەتانە کەخۆیان بەپێشەنگی دیموکراسی دەزانن, بۆچی لەبری بەکارهێنانی ئیرادەی خەڵك و حیزبە سیاسیە پێشکەوتووخوازەکان, عەشیرەت و بنەماڵە زیندوو دەکەنەوە, مەلەفێکی تری کەرکوك, مەلەفی مێژوویی تورکمانەکانە کەلەسەردەمی هاتنی عوسمانیەکانەوە ئەم کولتورەیان بۆجیماوەتەوە و ئێستا زیندوو کراوەتەوە, ئەم مەلەفە زەمینە خۆشکەرە بۆ شەرعیەت پێدانی دەوڵەتی تورکیا لەدەستێوەردانی کارو باری عێراق, بەبیانوی ئەوەی کورد نیازی نیە مافی نەتەوەی تورکمان بدات, بەپێچەوانەوە سەرکوتیان دەکات, لەمڕاستایەشدا تورکیا هەروەك چۆن بۆ مەرامی سیاسی خۆی لەدوای ساڵی 19991 ەوە کەڵکی لەحیزبە تورکمانەکان وەردەگرت لەکوردستان بەگشتی و لەهەولێر بەتایبەتی, ئێستاش بەلەبەرچاو نەگرتنی سیاسەتێکی تەندروست لەشاری کەرکوك کەڵك لەبەرەی تورکمانی وەردەگرێت بۆدانانی گەرای دوو بەرەکی, حیزب و کیانە سونیەکانیش کەڵك لە عەشیرەتەکانی حەویجەو ریاز و بێجی و شارەکانی تر وەدەگرن, ئێرانیش کەڵك لەشیعەکان وەردەگرن, ئەمەش کارێکی وەهای خوڵقاندووە, کەرکوك ببێتە ساڵەیەك بۆتاقی کردنەوەی هێزی دەوڵەتانی ناوچەکە و کیانە سیاسیەکان و خەڵك تیا  بێئومێدبن لەوەی ساڵی 2007 گرێی کەرکوك بکرێتەوە و مادەی 140 پراکتیك بکرێت.